سێ وڵاتی کەنداو هەنگاویان ناوە بۆ پشگرتن لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران



لەگەڵ چڕبونەوەی لێدوانەکانی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران لە چەند کاتژمێری ڕابردودا، بەرپرسێکی سعودیە ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لەگەڵ قەتەر و عومان، دژنادە تەمپ سەرکی ئەمریکیان ڕازیکردوە کە دەرفەتکی دیکە بە تاران بدات و هێرشە سەربازیەکەی دوابخات.

بەرپرسێکی باڵای ئێران بە ئاژانسی فڕانس پرێس ڕاگەیاندوە، ئەمریکیان لەکاردانەوەی جدی هەر هێرشێك بۆسەر ئێران ئاگادارکردتەوە، تا ئێستاش سعودیە و قەتەر و عومان لە پەیوەندیدان لەگەڵ واشنتن سەبارەت بە پرسی ئێران.

لە هەمانکاتدا سێ سەرچاوەی ئاگادار پشتڕاستیانکردەوە کە ئاستی ئاگادارکردنەوەی ئەمنی لە بنکەی ئاسمانی عودەیدەی ئەمریکی لە قەتەر پێشتر دابەزیوە، دوای ئەوەی دونە بەرزکرایەوە و سەرباز و کارمەندەکانی لێ گواسترانەوە.

دوای زیاتربونی گرژی و ئاڵۆزیەکان و مەترسی هێرشکردنەسەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، شانشینی سعودیە ڕاستەوخۆ تارانی ئاگادارکردوەتەوە کە نابێتە بەشێك لە هیچ چالاکیەکی سەربازی ئەگەری لە دژی تاران، هەروەها خاك و ئاسمانی سعودیە بۆ ئەو مەبەستە

به کار ناهنرت.